## عەلی مەحمود سەبارەت بەناوەندی هەڵەبجە بۆرۆژنامە دەدوێت

# توانیمان رۆژی ١٦/٣ بکەینە تەوەری گفتۆیەگییەکی گەرم لەناو نەتەوەیەکگرتووەکاندا



### دیداری لەرێ

ناوەندی هەڵەبجە وەك رێکخراوێکی ناحکومی یەکەم هەنگاوی گرنگی لەسەرئاستی جیهان‌وکوردستان دەنگی دایەوە، ئەو رێکخراوە توانی جینۆسایدکردنی خەڵکی کوردستانی بەرەسمی لەدادگای لاهای ساغ بکاتەوە، بەم هەنگاوەشی لەسەرئاستی نێو دەوڵەتی سەلماندی کە کورد جینۆسایدکراوە، پێمان خۆش بوو بۆ زیاتر ناسینی( ناوەندی هەڵەبجە دژ بەئەنفالکردن‌وجینۆساید کردنی گەلی کورد) لەنزیکەوە عەلی مەحمود نوسەروروناکبیروسەرپەرشتیاری ناوەندی هەڵەبجە بدوێنین.

**پێمان خۆشە سەرەتا بزانین، ناوەندی هەڵەبجە کەی‌وچۆن دامەزرا؟**

زۆر سوپاستان دەکەم، رۆژی ٢/١ی ساڵی ٢٠٠٢ دامەزرا، پاش ئەوەی بانگەوازێکمانکرد بۆ کۆبوونەوە لەدەوری کەمپینی هەڵەبجەو ئەنفال، بۆئەوەی بتوانین لەوکەمپینەدا خۆپیشاندانێکی ناوەندی گەورە لە هەمووئەوروپا بۆ دادگایی کردنی گەورە تاوانباری ئەنفال‌وجینۆساید (نزارخەزرەجی) لەشاری کۆپنهاگن بەرێبخەین، خۆپیشاندانەکەمان لەرۆژی ١٤ی ئازاری ساڵی ٢٠٠٢دا بەرێخست، کەتیایدا سەدان کەس‌و چەندین کەسایەتی ناسراوی کورد تیایدا بەشداربوون، هەمان ساڵ ئەو کەمپینە (هەڵەبجەو ئەنفال) لەزۆر وڵاتی تردا چالاکییان بۆ ئەوئامانجەکرد، پاش ئەوە تەماشامانکرد کارەکانمان بەرێك‌وپێکی دەرۆن، هەستمانکرد وەکو گروپێکی فشار بۆ دۆزی هەڵەبجەو ئەنفال دەتوانین بە رێك‌وپێکی کاربکەین، ، هەرلە ئوسترالیاوە تاکو کەنەدا، بۆیە بریارماندا ئیتر ئەوکەمپینە هەڵنەوەشێنینەوە، بەڵکو هەر ئەم کەمپینە بەرەو رێکخراوێکی ناحکومی (N G O) بەرین، ئیدی چەند کەسایەتییەکی رۆشنبیرو یاساناسمان دیاری کرد، ئەوانیش بەرنامەیەکیان بۆ ناوەندی هەڵەبجە دانا، لەسەر ئەم ناوەی ئێستای (هەڵەبجە دژ بەئەنفال‌و جینۆسایدکردنی کورد چاك) رێککەوتین‌و لەو ساوە بەوناوە کاردەکەین.

**بۆچی زیاتر گرنگییتان بە هەڵەبجەداوە ؟**

ناوی هەڵەبجەمان وەك هێمایەك وەك سمبولێك بۆ جینۆسایدی گەلی کورد هەڵبژاردووە، چونکە بووەتە ویژدانی مرۆڤایەتی بووەتە رەمزێك بۆ پاکتاوی رەگەزی‌ومالوێرانی کورد، بۆیە مەرکەزەکە بەناوی هەڵەبجەوەیە دەنا مەرج نیە تەنها بۆهەڵەبجە ئیش بکاتن، بەچ هێزیك‌وبەچ نەفەسێك ئیش بۆ هەڵەبجەدەکەین. بەهەمان شێوە ئیش بۆ عامووداا دەکەین، بۆ قارنێ‌وقەڵاتانی دەکەین، بۆسەردەشت‌وگۆپتەپەی دەکەین، بۆ دیاربەکری دەکەین، ناونانی هەڵەبجە تەنها رێزێکە بۆ قوربانیانی جینۆساید کردنی گەلی کورد.

**بە قسەکانی بەرێزتدا وادیارە ئێوە** نەگرتبوو، دواجار بریاریاندا رۆژی ٤/٢٩ بکەنە یادی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی، هەرچەندە ئێمە لەوەدا سەرکەوتوونەبوین، بەڵام خۆ توانیمان تەرحەکەمان بەرینە ئاستێکی نێو دەوڵەتی، هەرهیچ نەبێت توانیمان گفتۆیەگێیەکی گەرم سەبارەت بە رۆژی ١٦/٣ بەرینە ناو نەتەوەیەکگرتووەکان‌و مشت‌ومری ئەوە دروستبکات کە بیبێتە رۆژێکی جیهانی یان نا.

**بەراشکاوی تیشك دەخەمەسەرپرسیارێك پێمخۆشە تۆش بەراشکاوی وەڵامم بدەیتەوە، ئەویش ئەوەیە، کە ناوەندی هەڵەبجە یان ناوەندی چاك وەك رێکخراوێکی ناحکومی ئیستا سەروو سیمای زیاتر دیارە، بەڵام نارەزایەتی‌وکەمپینەکان‌و بەیاننامەکانتان زۆرتر لەکاری خزبی دەچن‌و سەروسیمای حزبتان پێوەدیارە؟**

نا ناوەندی هەڵەبجە حزب نیە، باشە ئەگەرلە مهاد خەڵکی کورد قەتل‌وعام بکرێت، ئێمە لەسەری بێینە جواب، بۆئەمە کاری حزبە، ئەگەر پێشێلی مافی مرۆڤ دەکرێت‌وکەرامەتی ئینسانی کورد ناپارێزێت ئەمانە بەشێکن لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ ، جاکە کەسایەتی‌یەکی کورد لێی دەقەومێت پێویستی بە داکۆکی کردن هەیەوداکۆکی لێبکەین بۆئەمە کاری حزبە؟

بەڵام ناوەندی هەڵەبجە حزب نیەونابێتە حزب، چونکە کەبووە حزب دەمرێت، ئیشەکانی تەواو دەبێت، رۆڵی نامێنێ‌و دەبێتە کارتۆنی‌وناتوانێ هیچ شتێك بکات. بەڵام لەهەمانکاتیشدا تۆ هەندێك مەهامت هەیە جاری وایە ئەومەهامانە تێکەڵ بەمەهامی سیاسی دەبێت، بەتایبەتی بۆ رێکخراوێکی وەك ناوەندی هەڵەبجە کە پرسی مافی مرۆڤوجینۆسایدی هەڵبژاردووە، ئەمە لەمەهەمامێکی سیاسی دابراونییە، بەڵام ئێمە نامانەوێ یان با بڵێین ناهێڵین ئەو مەهامە سیاسیەیە بە ئاقاری بەرژەوەندی حزبێکی سیاسی دیاریکراو یان ئایدۆلۆژییەتێکی دیاریکراودا بروا، دەمانەوێتە ئەم پرسانە بە بازرگانی کردنەوە یارمەتی رژێمی بەغدای داوە، کاتێك کە فرانس ڤان ئانرات( کە لەهۆلندا بەعەلی کیمییایی ناسراوە) گەرایەوە بۆ هۆلندا ئێمە لەرێگەی دۆستەکانمانەوە لەوێ، بەتایبەتی پارتی سۆسیالست (cpa) هەواڵی هاتنەوەی ئەومان زانی ئیتر کۆمیتەیەکمان دروستکرد، لەو کۆمیتەیە تەنانەت هۆلندییەکانیش بەشداریانکردین، دواتر کاك ئەمیر قادر لەوکۆمیتەکەدا بەسەرپەرشتیاری دۆزەکە بەشداربوو توانی تاسەرکەوتنی کاری بۆ بکات‌و دلسۆزانە وەك نوێنەری ناوەندی هەڵەبجە بەرپرسیارێتی کەیسەکەی وەرگرت، هەروەها چەند کەسایەتی‌یەکی تری هۆلندی وەك پەرلەمانتار( هاری ڤان بۆمل)کە ئەندامی پارتی سۆسیالستی هۆلندایەو چەند کەسایەتی‌یەکی تری کوردستانی باکور لەهۆلندا بەشداربوون لە سەرخستنی دادگایی کردنەکەی فرانس ڤان ئانرات، بەڵام ئێمە وەك ناوەندی هەڵەبجە تەواوی ئیشە ئیدارییەکانی ئەو کۆمیتەیەمان گرتبووە ئەستۆ، توانیمان بەهەر دەردی سەرییەك بێت ئیمکاناتی مادی بۆدابین بکەین‌و هەموو بانگەوازو ئیشەکانی ئیدارەکردنی دابین بکەین، شایەت‌و بەڵگەنامەکانمان بۆ ئامادەودابین کردووە.

**کۆمیتەکەتان کەی دروست کرد؟**

کۆمیتەکە پێش گرتنی فرانس ڤان ئانرات دروست ببوو، ئەو لەرۆژی ٢٠٤/١٢/٧ دا دەستگیرا، ئەم کۆمیتەیە دوربوو لە دەزگاکانی راگەیاندن، بەڵام لەلای وەزارەتی عەدلی هۆلندی شاراوە نەبوو بەڵکو لەوێوە شایەتەکانمان لێکۆلینەوەیان لەگەڵ کراوە، خۆشبەختانە وەزارەتی عەدلی هۆلندیش وەڵامی داخوازیەکانی ئێمەی دایەوە، تەلەفونی فرانس ڤان ئانراتیان خستبووە ژێر چاودێرییەوە، لە رۆژی دەستگیر کردنییەوە فرانس ڤان ئانرات چوارخول دادگایی کراو ١٣جار دانیشتنی دادگایی کردنی بەرێوە چوو، تا لەرۆژی ٢٠٠٥/١٢/٢٣دا دادگا دوابریاری خۆی داو ١٥ ساڵ سزای بەسەردا سەپاند.

من گرنتی ئەوە دەدەم ئەم دەستکەوتە سیاسیەی کەوا بەدەستهاتووە ئەوا کاریگەری ئیجابی دەبێت بۆ پارچەکانی تری کوردستانیش. ئەوەش بەلای ئێمەوە گرنگ نیە ئەم حزب یان ئەوی تریارمەتی نەداوین، هیوادارم بۆ لەمەولا ئەو حزبانەشی یارمەتیان نەداوین، لەهەولێکی تردا یارمەتی دەرمان بن، چونکە ئەم دەستکەوتە نەدەچێتە گیرفانی ئێمەوە نەدەچێتە گیرفانی هیچ حزبێکەوە، ئێمە رێکخراوێکی بچوکین، ئەم دەستکەوتەمان نەهێناوە بۆ گیرفانی خۆمان، ئەمە بۆگەلی کوردە، هیوادارین لەداهاتوودا درێژە بەمە بدەین، تابتوانین بۆ ئاینده کارێکی وابکەین نەوەی داهاتوو کەڵکی لێوەربگرن.

**دەکرێت بزانین پێش سەرقاڵێتان بەو تاوانبارەوە گرنگترین چالاکیەکانی ئێوە چی بوون؟**

ئێمە چالاکیمان زۆربووە، ساڵانە ئێمە لە ئەوروپا یادی هەڵەبجەوئەنفالمان، بەرز راگرتووە خۆپیشاندانمان کردووە، هەروەها داوامان لە سەر نزارخەزرەجی تۆمارکرد لە وڵاتی دانیمارك، هەوڵماندا زۆر تاوانباری تر بدەینە دادگا، هەروەها لە پاش رووخانی بەغدا یەکەم خۆپیشاندان ناوەندی هەڵەبجە لە ناوشاری بەغدا ریکیخستووە، کە زۆرترین ژمارەی کەس‌وکاری قوربانیانی ئەنفالی لەخۆ گرتبوو. زۆربەی ئەو خۆپیشاندانانەی بۆ پشتیوانی لە کوردستانی خۆرهەڵات کرا ئێمە ئەنجامانداوە لە هەموو وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکاوئوسترالیا، بۆ پشتگیریش لە قامیشلی هەرئێمە لە پێشی پێشەوەی تەنانەت حزبە سیاسی‌یەکانیش بوین، نازانم ئەگەر تۆ رۆژانە سەردانی ماڵپەرەکانی ئەنترنێت بکەیت، بەداخەوە رۆژنامە ناوخۆییەکان کەمتر گرنگیدەدەن بەچالاکییەکانمان، باوەرناکەم لەمێژووی کورددا بەتایبەتی لە کوردستانی رۆژهەڵات‌وباشوروباشوری بچوکیش بەئەندازەی ناوەندی هەڵەبجە رێکخراوێکی مەدەنی وای بەخۆیەوە دیبێت‌وبەو ئەندازەیە چالاك بوبێت‌وشوێن دەستی دیاربووبێت. دیارە ئەمە هەرقسەی من نیە بەڵکو دەتوانن بچن

رێکخراوی چاك رێکخراوێکی متوازعە، باوەرمان وانییە کە ئێمە قەڵامان گرتبێ، ئەو دەستکەوتە هیچ کاتێك غرورمان ناکات، چۆن بەهێواشی کە تا ئیستا ئیشمان کردووە هەربەردەوام دەبین، بەنیازین کاربکەین، ئیستا مەلەفمان ئامادەکردووەو پارێزەریشمان گرتووەو بەنیازین پارێزەری تریش بگرین‌و ژمارەیان زیادیان بکەین. بۆئەوەی بتوانین تەواوی ئەو کۆمپانیاو وڵات‌و لایەنانەی مەوادی کیمیایان بەعێراق فرۆشتووە رایانکێشینە بەردەمی دادگا، ئێمە ئێستا مەلەفێکی ئامادەکراومان هەیە لەدرێژەی دادگایەکەی فرانس ڤان ئانراتدا ئیشەکانمان ئێستا شێوەیەکی سیستماتیکی بەخۆیەوە گرتووە، هەر لێرەوە داوا لەهەموو ئەو حزب‌و لایەنە سیاسیانە دەکەین کەدەیانەوێت ئەو کۆمپانیایانە قەرەبوومان بکەنەوە بێن هەموومان پێکەوە ئەو کارەبکەین، هەماهەنگ بین بابێن لیژنە دامەزرێنین بۆ ئەنجامدانی، چونکە ئەوە تەنها ئیشی ناوەندی هەڵەبجە نییە، بەڵکو ئیشی کۆمەڵێك رێکخراوی تریشە ئیشی حزبەکانی کوردستانیشە، ئێمە بەتەنها خاوەنی ئەو ئەرکە گەورەیە نین، وەناشمانەوێت ببین بەخاوەنی، بەڵکو ئەو کەیسە هەموو کورد بەخاوەنی دەزانین. لەرێگەی ئەم رۆژنامەیەوە دوا لەهەموو لایەك دەکەین بێین پێکەوە بەهەماهەنگی ئەم ئەرکەش بگەیەنین بە ئەنجام .

**پێتان وایە ئەو کۆمپانیایانە تا چەند دێنە ژێر باری ئەوەوەی‌کە قەرەبوی مادی بە زیانەکانی کیمیایی‌وئەنفالکراوانی کورد بدەنەوە؟**

پێش قەرەبووی مادی ئێمە دەستکەوتی سیاسی لەو وولاتانە وەردەگرین.

**ببورە من مەبەستم کۆمپانیاکان بوو نەك وولاتەکان.**

هەتا ئەگەر کۆمپانیاکانیش، ئەم کەیسەی باسی لێوە دەکەین کەیسێکی هەمیشە زیندووە بۆ کورد، لە کەیسەکەی فرانس ڤان ئانراتدا ئێمە هەرگیز چاوەروانی ئەو دەستکەوتە گەورەیەمان نەدەکرد، پێشبینی نیوەی ئەوەشمان نەدەکرد، کەچی ئەنجامێکی باشی لێکەوتەوە، ئێستاش بەنەفەسێکی زیاترەوە بەنیازین بچین بەرەو بەدی هێنانی ئامانجێکی گەورەتر ئەویش قەرەبوو دانەوەی کوردە لەلایەن ئەو کۆمپانیایانەی مادەی کیمیاویان بە عێراق فرۆشتووە. بەڵام ئەو مەهامە گەلێك قورسە، بەتەنها بەئیشی خۆشمانی نازانین‌و بەتەنها بەئێمەش ناکرێت.

**بۆچی زۆربەی کارەکانتان یان قورسایی چالاکیەکانتان بردۆتە دەرەوەی کوردستان لە دەرەوەی وڵاتن؟**

باشە ئێمە لەکوردستان چی بکەین؟ پێم نالێی چی بکەین؟ نە دادگایەکی ئازادی لێیە، نەدەتوانین نارەزایەتی دەربرین، ئێمە لێرە ئەگەر سەربەحزبێکی دەسەڵاتداری کوردستان نەبین ناتوانین تەنانەت خزمەتی کەس‌وکاری ئەنفالەکانیش بکەین، تەنانەت ناتوانین شکات لە تاوانبارێك بکەین، لەهەمان کاتیشدا هەوڵدەدەین قورسایی کارەکانمان بهێنیە کوردستان، لەمەولا بیرکردنەوەیەکی وامان هەیە ئێمە ببینە لقێك لە کوردستان واتا کوردستان ببێتە بنکەی سەرەکی نەك کوردستان ببێتە پاشکۆی ئێمە.

**کەواتە لێرەش مۆڵەتی رەسمیی وەردگرن بۆکارکردن وەکو رێکخراوێك؟**

ئێمە لەکوردستان مۆڵەتی کارکدنمان هەیە، جگە لەکوردستانیش لەچەند وڵاتی تریش وەکو ئەمریکاو ئەوروپا مۆڵەتی رەسمی‌و یاسایی کارکردنمان هەیە.

**ئێمە هیچمان نەماوە بەرێزت ئەگەر دواقسەت مابێت؟**

بەهیوام وەك چۆن لەهۆڵندا فرانس ڤان ئانراتمان بە سزای خۆی گەیاند، لەکوردستان‌و هەر شوێنێکی تریش تەواوی ئانراتەکان هەموو ئەوانەی دەستیان هەیە لەجینۆسایدکردن‌و ئەنفالی کورددا بەسزای خۆیانیان بگەیەنین.

## لەگەڵ ئەوەدا نیم کەئینسانێك برِفێنرێت‌و بشاردرێتەوەو چارەنوسی دیارنەبێت‌و پاشان لەدادگایەکی کارتۆنی چەند سەعاتیدا ٣٠ ساڵ حوکم بدرێت

**سنورێکی دیاری کراوتان نیە لەچالاکیی‌یەکانتدا، بۆنمونە بڵێین ئەمە کوردستانی باکورەو ئەوەیان کوردستانی باشور ؟**

نا سنورێکی دیاری کراومان نیە، ئێمە کۆمیتەیەکمان هەیە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان واخەریکین، کۆمیتەیەك بۆ باشووری بچوك دروست دەکەین. پەیوەندیمان بەرێکخراوە مەدەنی‌یەکانی کوردستانی باکورەوە هەیە، چالاکیمان لەگەڵ کردوون، چۆن یادی هەڵەبجە دەکەینەوە وەکو باسم کرد ناوەندی هەڵەبجە رۆژی ٢ی سێپتەمبەری دیاری کردووە، بەرۆژی جینۆسایدکردنی کورد لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا، کەیادی کارەساتی قارنێیە، لەهەمانکاتدا کردوومانە بەنەریتێك کە هەموو ساڵێك یادی کارەساتی عامووداا بکەینەوە، ناوەندی هەڵەبجە ئەو ئەزموونەی کەوا بۆناساندنی جینۆساید لە کوردستانی باشوردا هەیەتی گواستوویەتییەوە بۆپارچەکانی تری کوردستانیش، لەمەشدا سەرکەوتو بووین.

**ناوەندی هەڵەبجە هەوڵی دابوو رۆژی ٣/١٦ لە نەتەوە یەکگرتووەکان وەك رۆژێکی رەسمی لەدژی چەکی کیمیاوی بچەسپێنن، بۆئەم مەبەستە نامەتان دابووە نەتەوەیەکگرتووەکان، دواجار ئەوان وەڵامیان چی‌بوو؟**

بەڵێ دەزگایەك سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان هەیە دژ بەچەکی کیماویی بەناوی(opco) ئێمە لەگەڵیان دانیشتین‌و ساڵی رابووردونامەیەکمان پێشکەشکردن، کەتیایدا داوامان لێیانکرد رۆژی ١٦/٣ بکەنە رۆژی دژ بەچەکی کیمیاوی لەئاستی جیهاندا، ئەوەبوو لەکۆبوونەوەی خۆیاندا کەزیاتر لە ٦ وڵات تیایدا ئەندامە، ئەم نامەیەی ئیمەیان تەرحکردبوو، بەداخەوە ئەوهەوڵەی ئێمە سەری نەگرت، تەنانەت ئەو رۆژانەی وڵاتەکانی تریش تەرحیانکردبوو وەکو چین‌وئەو وڵاتانەی تر کەتەرحیانکردبوو سەری قازانجی تەواوی مرۆڤی کوردیدا بشکێنەوە .

**کەوایە بابزانین گرنگترین مەهامەکانی ناوەندی هەڵەبجە چین؟**

ئامانجەکانی ناوەندی هەڵەبجە ئاشکراو رونن، دژایەتی کردنی جینۆسایدکردنی کورد ، بە دادگایی گەیاندنی تاوانبارانی جینۆسایدکردن‌وئەنفالکەرانی خەڵکی کوردستان، پاراستنی مافەکانی مرۆڤی کورد ، هەوڵدان بۆقەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی ئەم کارەساتەنەو قەربووی سیاسی بۆخەڵکی کوردستان.

**پێموابێ پرەنسیپێکی واشتان هەیە کە بەهیچ جۆرێك کۆنە بەعسییەکان وەك ئەندام قبوڵ ناکەن، با بەجۆرێکی تر بپرسم ناوەندی چاك ئامادەیە شەرەفی ئەندامێتی بەکۆنە بەعسیەك ببەخشێت؟**

ئێمە تەرحی ئەوەمان کرد رێکخراوێکی تایبەت بەریشەکێشکردنی بەعس لەکوردستان دابمەزرێت، ریشەکێشکردنی بەعس چۆن لەعێراقدا هەیە لەکوردستانیش هەبێت، کۆنە بەعسیەك ئیشی بەلای ئێمە چییە؟!

جارێکیان کۆنە بەعسییەك بابەتێکی بۆماڵپەرەکەمان "ماڵپەری ناوەندی هەڵەبجە" نارد بڵاوبووەوە، ئێمە پێمانزانی، بابەتەکەیمان لادا‌و پێمان ووت کاکە جارێکی تر بابەت بۆئێمە مەنێرەو مەرحبای ئێمە مەکە. مەبەستم لەمە ئەوە نیە ژیان لەکۆنە بەعسی‌یەك زەوت بکەیت، ئەگەر کەسێك دەستی سورنەبووبێت بە خوینی خەڵك، بەهەرحاڵ ئەوەی کۆنەبەعسی بێت نامانەوێت بێتە لائێمە نامانەوێت بیناسین‌ومەرحبایی‌ودۆستایەتی بکەین.

**رێکخراوەکەی ئێوە تاوانبارێکی گەورەی راکێشایە بەردەمی دادگای هۆڵنداو سزای قورسی بەسەردا سەپینرا، دەکرێت کورتەیەکی حیکایەتی دادگایی کردنەکەمان بۆ بگێرِیتەوە؟**

ئێمە دەمێك بوو زانیاریمان لەسەر ئەوەهەبوو کە پیاوێکی هۆڵندی لەرێگەی

**بۆچی دانیشتنەکانی دادگا سیانزە جار درێژەی کێشا؟ ئایا ماوەی دانیشتنەکان کورت خایەن بوون، یان پارێزەرکان گرفتیان دروست دەکرد؟**

بەپێچەوانەوە دانیشتنی واهەبوو ١٥ تا٢٠ سەعات درێژەی دەکێشا. تەواوی ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە جینۆسایدکردنی گەلی کوردەوە هەبوو یان پەیوەندیان بە کۆمپانیاکان‌و چۆنێتی فرۆشتنی مادەی کیمیاوی‌و راپۆرتەکانی یونسکۆمەوە هەبوو، گفتوگۆی چروپری لەسەرکراوەو خراونەتە بەر باس‌و لێکۆلینەوەوە، تەنانەت رۆژێکی دانیشتنەکە تایبەت بوو بەپارێزەرەکەی ئێمە کە هەرلەو دانیشتنەدابوو پارێزەرەکەمان داوای ١٥ ساڵ زیندانی‌و بەرەسمی ناسینی جینۆ سایدکردنی گەلی کوردی لە دادوەرکردو دادوەری گشتیش داواکەی پارێزەرەکەی ناوەندی هەڵەبجەی قبوڵکرد.

**ئەو کارەی ئێوە کردتان کارێگی گەلێك گرنگ‌وپربایەخە بۆ دۆزی کورد، کەچی حزبەکانی کوردستان گرنگی‌یەکی ئەوو تۆیان پێنەدا، تۆ هۆکاری ئەم خەمساردیە دەگێرِیتەوە بۆچی؟**

نا وانییە هەندێکیان گرنگیان پێدا، بەڵام هەندێکیان گرنگییان بەرێکخراوەکەی ئێمە نەدا، ئەمەشیان بەلای ئێمەوە مەسەلەیەك نیە، گرنگ ئەوەیە ئێمە توانیومانە دەستکەوتێکی سیاسی‌و مەعنەوی زۆرگەورە بۆ کورد مسۆگەر بکەین، کەلە ئایندەدا وەك پاڵپشتێك جارێکی دیکە بەرەو روی جینۆسایدو قرکردن نەبێتەوە، ئەمەش لەمێژوودا سەلمێنراوە هەرگەلێك جارێك لەجاران جینۆ ساید کرابێت‌و قرِکرابێت‌و لەقاودرابێ وجینۆسایدکردنەکەی بەفەرمی ناسرابێت، ئەوا دوژمنانی جارێکیتر ناتوانن بەرەورووی قرِکردنی بکەنەوە.

تەماشای ئەرشیڤی ناوەندی هەڵەبجە بکەن لەماڵپەری (چاك).

**پێموابێ هەرئێوەبوون داوای نۆبڵی ئاشتیتان بۆ لەیلا زانا کردبوو؟**

بەڵێ، بەڵێ سوپاس کە ئەمەت بیرهێنامەوە ئەوەش یەکێکە لەچالاکی‌یەکانی ناوەندی هەڵەبجە، ساڵی پار داوای نۆبڵی ئاشتیمان بۆ لەیلا زانا کرد، خۆشبەختانە داواکەمان قبوڵ کرا.

**کێشەی دکتۆر کەماڵی سەید قادر ئەمرۆ قسەوباسی گەرمی ناوەندەکانی راگەیاندن‌و رۆژنامەنوسانی ئازادە، ناوەندی هەڵەبجەش یەکێکە لەو رێکخراوانەی دەستپێشخەری کردووە، تۆ ئەوکێشەیە چۆن دەبینی ؟**

من بۆخۆم لە گەڵ ئسلوبی نوسینەکەی دکتۆرکەماڵی سەید قادرودارشتنەکەی‌وئەو ختابە سیاسی‌یەی بەکاری هێناوە نیم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نیم کە ئینسانێك برِفێنرێت‌و بشاردرێتەوەو چارەنوسی دیارنەبێت‌و یان لەدادگایەکی کارتۆنی چەند سەعاتیدا ٣٠ ساڵ حوکم بدرێت، بۆیە ئیمە لە گەڵ دادگایەکی عادلانەداین بۆ ئەوکێشەیەو ئەمانەوێت سیستمی دادگایەکی عادلانە بێت بۆ ئەوە، بەڵێ ئێمە ئیشی عەمەلیمان بۆ ئازادکردنی کردووە، بەڵام ئێمە نە لەگەڵ خیتابەکەی دکتۆر کەمالداین، نەلەگەڵ شکلی دادگایی کردنەکەشی.

**پاش ئەوەی ناوەندی هەڵەبجە لە دادگایی کردنی فرانس ڤان ئانراتدا سەرکەوتنی بەدەست هێناو بەهۆیەوە زیاتر سەروسیمای بەدەرکەوت‌و دادگای هۆڵنداش ساغی کردەوە کە ئەو پیاوە تاوانبارە، ئەی چارەنوسی ئەو کۆمپانیایانە چی دەبێت کە چەکی‌کیمیاوییان بە عێراق فرۆشتووە، ئێوە هەوڵتان چی دەبێت‌و تاچەند لەخۆتان رادەبینن جارێکی تر سەرکەوتن بەدەستبێنن ؟**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com